## سێ تابلۆ رەحمان سۆفی

دەسەڵاتدار،

لە کشتنی هەتاو دەگەڕێن

زاڵە داڵی بەرماوخوریش

لە کەلاکی مەزنە پیاوان دەگەڕێن

***

گەورە کچان،ماسی ئەدوێنن،

کۆتری خولیا، هەڵ دەفرێنن

قەفەسی یەخسیرەکەو دەشکێنن

لە بەفردا لە گەرما دەگەڕێن

لە خورەتاودا فێنکایی دەپشکنن

لەگەڵ ئەم بیرە سەر ئەسووم

***

مەجبور نیم ئەستێرە ڕاوکەم

ئەوینداران ڕش پۆش کەم

نیازمەند نیم مانگ بگرم

ڕێبواری شەوڕۆ شەوارەکەم

کاروانی بیرمەندان لە ڕێ بەدەرکەم

ژانوییە 2010 یوتەبۆری